# دێموکراتیزەکردنی دێموکراسی؛ ڕەخنە لە بنەماکانی تیۆری سیاسەتی دێموکراتی لە گۆشەنیگای نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە

سیروان ساڵحزادە[١]

**پوختە**

ئەم وتارە باس لە دێموکراتیزەکردنی دەوڵەتە فرەنەتەوەکان بە نیسبەت پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان [١] دەکات. پێویستە لە گۆشەنیگا و خوێندنەوەی کەمینە نەتەوەییەکانەوە پێداچوونەوە بە بنەماکانی دێموکراسیدا بکردرێت. سەرەتا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی زۆر کورت باسی مێژوویی چەمکی دێموکراسی بخەمە ڕوو، دواتر نیشانی دەدەم کە دێموکراسی لەهەمبەر پرسی ئەو نەتەوانە لەسەر چ پێشگریمانە و بنەماگەلێ دامەزراوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەندێک تیۆر نیشانی دەدەم کە چ کەمایەسییەک لە تێگەیشتنی بیرمەندە سیاسییەکانی سەردەم لەمەڕ پرسی نەتەوە بێدەوڵاتەکاندا هەبووە و هەیە. بەتایبەت کە ڕەوتی سەرەکیی تیۆری سیاسی، بەم پێشگریمانەیە کە هەر دەوڵەتێک لە یەک نەتەوە پێکهاتووە، مافەکانی هاووڵاتیبوونی لەسەر بنەمای تاکگەرایی پێناسە کردوون و پێی وابووە کە دەوڵەتی دێموکراتی دەتوانێ بە نیسبەت فرەچەشنیی کولتووری لە دەوڵەتە فرەکولتوورەکاندا بێلایەنی کولتووری بپارێزێت، بەم پێشگریمانانەوە، نادادپەروەرییەکی گەورە لە هەناوی دێموکراسیدا دروست بووە. ئەگەرچی بە کەڵکوەرگرتن لە هزرگەلێ سەر بە بیرگەکانی ناسیۆنالیزمی لیبەراڵ و کۆمەڵباوەڕی، باس لەمە دەکەم کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا تیشک خراوەتە سەر هەڵەبوونی ئەم پێشگریمانانە لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا و بە ئایدیای مافە گرووپییەکانی هاووڵاتیبوون و پێویستی بەفەرمیناسینی کەمینە نەتەوەییەکان، هەوڵیان داوە لە پێناو دێموکراتیزەکردندا چاکسازی لە تێگەی هاووڵاتیبووندا بکەن، بەڵام لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە هێشتا ڕێگاچارەسەرەکانیان کەمایەسییان پێوە دیارە. لە سۆنگەی ناسیۆنالیزمی کەمینە نەتەوەییەکانەوە و لە ڕوانگەیەکی نۆرماتیڤەوە، دەگەمە ئەم ئاکامە کە هەر جۆرە دێموکراتیزەکردنێک دەبێت لە هەناوی خۆیدا دان بە نەتەوەبوونی کەمینە نەتەوەییەکاندا بنێت و بەفەرمیان بناسێت، ئەگینا دێموکراسیی ڕاستەقینە سەر ناگرێت. بەم جۆرە، بە باسکردن لە هێڵە گشتییەکانی ئەو ڕێگاچارەسەرانە و هەروەها خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەوانیش لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەم دەلاقەیەک بۆ تێفکرین لەمبارەوە بکەمەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** دێموکراتیزەکردن، دێموکراسی، بەفەرمیناسین، دادپەروەریی نێوان نەتەوەکان، فیدراڵیزم/کۆنفیدراڵیزمی فرەنەتەوە، نەتەوە بێدەوڵەتەکان، فرەکولتوورباوەڕی.

---

[١] ماستەری زانستی سیاسی

## پێشەکی

لە ئەنسیکلۆپیدیای دێموکراسیدا بەم شێوەیە لەمەڕ دێموکراسی نووسراوە: «پێناسەی سەرەکیی دێموکراسی بریتییە لە "سەروەریی خەڵک" کە لە وشەی یۆنانیی کۆنی *demokratia* وەرگیراوە، ئەویش لە دو وشەی *demos* (خەڵک) و *kratos* (دەسەڵات) پێکهاتووە. بەڵام ئەم پێناسەیە کە بە ڕواڵەت ڕوونە، هەندێک پرسی گرنگی تیۆری و کردەوەی سیاسی دەشارێتەوە، چونکە نە واتای خەڵک ڕوونە، نە واتای سەروەری». (Lipset, 1995, Volume 2 : 700). بەم جۆرە پێناسەکردنی دێموکراسی ئاڵۆزی تایبەت بەخۆی هەیە. بەڵام لێرەدا مەبەست ئاماژەکردن بەم ئاڵۆزیە لە نەتەوە-دەوڵەتێکدا[2] نییە، بەڵکوو مەبەست ئەو ئاڵۆزیە لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا بە نیسبەت ماف و ئازادییەکانی نەتەوە بندەستەکانە. ئەمڕۆکە پرسی فرەچەشنیی کولتووری بەرۆکی زۆربەی دەوڵەتانی گرتووەتە. شەڕی ئەتنیکی و تێکۆشان لە پێناو ناسنامەی ئەتنیکی و نەتەوەییدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قوربانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. دەوڵەتە فرەنەتەوەکان[3] بە پەرەپێدان بە ناسنامەی ئەتنیکی باڵادەست و بە حاشاکردن لە ناسنامەی کولتووریی ئەتنیکەکانی تر ئیدعا دەکەن کە خاوەنی یەک کولتووری نەتەوەیین و نەتەوە بندەستەکان وەک هوردەکولتووری نێوان نەتەوەکەیان پێناسە دەکەن [٢]. بەڵام ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی یەک گرووپی کولتوورین زۆر دەگمەنن. لە جیهانی مۆدێرندا ئەستەمە بتوانین دەوڵەتێک بدۆزینەوە کە لە سنوورەکانی خۆیدا چەند کولتوور لەخۆ نەگرێت. (Miller, 1995: 3) لەو دەوڵەتانەدا کە وا ئاستێک لە بەفەرمیناسینی مافەکانی ئەو نەتەوە بێدەوڵەتانە هاتووەتە دی بزاڤی سەربەخۆییخوازی بوونی هەیە.

بزاڤگەلێ جوداییخوازیی جۆراوجۆر لە سەرانسەری دونیادا هەن: لە جیهانی یەکەمدا (وەکوو کێبێک، ئیرلەندی باکوور، فلاندێرەکان، ئەیالەتی باسکی سپانیا و ئیسرائیل/فەڵەستین) و لە جیهانی سێیەمدا (وەکوو سودان، سێریلانکا، کەشمیر و پەنجاب و ناوچە کوردییەکان لە ئێراق و ترکیا (Moore, 1998: 1) [٣]. ئەوان بە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دەدەن. هەر لەو پێناوەدا، کێبێکەکان دوو جار لە ساڵەکانی ١٩٨٠و ١٩٩٥دا و هەروەها سکۆتلەندییەکان لە ٢٠١٤ دا نەیانتوانی لە ڕیفراندۆمدا دەنگی پێویست بۆ سەربەخۆیی مسۆگەر بکەن. بە پێچەوانەوە لە ساڵی ٢٠١٧دا کوردەکانی باشووری کوردستان (ئێراق) و کاتالانەکان لە سپانیا ڕیفراندۆمیان بەڕێوە برد و لە هەردوو کەیسەکەدا دەنگی زۆرینەیان بۆ سەربەخۆیی بوو. بەڵام دەوڵەتی ئێراق و سپانیا و سیستەمی نێونەتەوەیی [٤] دانی بە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەدا نەنا [٥].

بۆ دێموکراتیزەکردنی دێموکراسی زۆر ڕوانگە و گۆشەنیگای تریش هەن کە کەڵکەڵەیان مافەکانی چینی کرێکار، مافەکانی ژنان، مافەکانی ژینگە و مافەکانی تری هاووڵاتیبوونە لە پێناو گەیشتن بە هاووڵاتیی ئازاد و یەکسان لە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەدا. ئامانجی لێرەدا بە هیچ شێوەیەک دابەزاندنی ئەم مافانە بۆ مافە نەتەوەییەکان نییە، بەڵکوو چوارچێوەی وتارەکە ئەمەیە کە لە سۆنگەی پرسی نەتەوە بێدەسەڵاتەکانەوە باس لە پەرەپێدان بە دێموکراسی دەکات. دۆزینەوەی ڕێگاچارەسەرێکی شیاو، زانستییانە و ئەخلاقی بۆ پرسی کەمینە نەتەوەییەکان دەبێت یەکێک بێ لە کەڵکەڵە سەرەکییەکانی بیرمەندی سیاسی لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەتایبەت کە پرسی ناسنامە لەدوای تەواوبوونی شەڕە ئایدیۆلۆژیکییەکانی سەدەی بیست بووەتە پرسێکی سەرەکیی سیاسەتی هاوچەرخ. گرنگە بزانین کە بۆچی دەوڵەتی مۆدێرن کە قەرار بوو بەختەوەری بۆ هاووڵاتیان بەدی بهێنێت، لە زۆر وڵاتدا کۆمەڵکوژی و جینۆسایدکردنی لێ کەوتەوە. ڕیشە و هۆکارە تیۆریەکان چین و بنەماکانی تیۆری سیاسی پێویستە چ گۆڕانکارییەکیان تیادا بێتە دی تا ئەم لێکدان و پێکدادانە ئەتنیکییانە بێنە چارەسەرکردن؟

---

[2] Nation-state

[3] Multination States

بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا بە کورتی بنەماکانی دیموکراسیی کۆنی یۆنان و دیموکراسییە مۆدێرنەکان دەستنیشان دەکەم. شیکاری بۆ ئەم بابەتە دەکەم کە بۆچی دیموکراسیی مۆدێرن و مافە بنەڕەتییەکانی تاک و مافەکانی مرۆڤ ناتوانن مافەکانی ئەندامانی کۆمەڵە نەتەوەییە بێدەوڵەتەکان بپارێزن. هەوڵ دەدەم لەمپەڕە تیۆرییەکان بدۆزمەوە و دواتر تیشک دەخەمە سەر نادادپەروەری لە سیستەمە دیموکراتەکان لەهەمبەر پرسی کەمینە نەتەوەییەکان و باسی پێویستی بەفەرمیناسینیان وەک نەتەوە دەکەم. لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەم لە ئاستی تیۆر و کردەدا هەندێک پێشنیار و ڕێگاچارەسەر بخەمە ڕوو و دەلاقەیەک لەمبارەوە بکەمەوە.

## کێشەی زۆرداریی زۆرینە لە دیموکراسیدا

دیموکراسی لە یۆنانی کۆندا واتایەکی نەرێنی هەبوو، بە جۆرێک کە بیرمەندانی ئەو کات دژی دیموکراسی بوون. (Crick, 2002: 15-19). بۆ نموونە، پلاتۆ بێ گومان لە دیموکراسی بێزار بوو. (Ibid: 1) بەڵام ئەمڕۆ لەنێوان هزرڤانانی سیاسیدا تا ڕادەیەکەی زۆر کۆدەنگی لەسەر دیموکراسی هەیە و تەنانەت خەڵکیش بەم بۆنەوە و بە دیتنی بەرهەم و دەرئەنجامە کردەییە ئەرێنییەکانی ئەم سیستەمە هەوڵ دەدەن، لانیکەم لە ڕواڵەتدا، خۆیان بە داکۆکیکاری دیموکراسی بناسێنن. دەکرێ بێژین لە سەدەی بیستەم بەملاوە دیموکراسی بە جۆرێک وەک فەزیلەتێکی سیاسی دەبینرێت. دیموکراسی لە واتا کۆن و کلاسیکیەکەیدا بە واتای سەروەریی دەنگی زۆرینەیە، بەڵام بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە مۆدێرنیتە بەسەر زەین و ڕامانی مرۆڤیدا هێنا و بە لەدایکبوونی «تاک» ئەم پرسیارە هاتە ئاراوە کە ئایا دەکرێت بە دەنگی زۆرینە و لەژێر ناوی دیموکراسیدا و بۆ بەرژەوەندیی زۆرینە، دەنگی تاکەکان و گرووپە کەمینەکان کپ بکرێت؟ بۆ نموونە، وایدابنێین کە ئەگەر کۆمەڵگەیەک جەماوەرێکی ١٠٠ کەسی تیادا بژی، دەکرێت بە بڕیار و کۆدەنگیی ٩٩ کەس لە دژی کەسێک بڕیارێکی ناڕەوا دەربکرێت؟ یان ئایا دەکرێت ئەگەر گرووپێک لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی و لە پەرلەمان دەنگی کەمینە بوو، مافەکانی پێشێل بکردرێت؟ ئەم پرسیارە بیرمەندانی خستە بیری ئەمە کە وەڵامی پرسیارێکی بنچینەییتر بدەنەوە.

چ شتێک پەیوەندی بە چ کەسێکەوە هەیە؟ لەم ڕەهەندەوە باس لە پێویستیی هەبوونی هێڵێک لەنێوان «پانتایی خۆکەسی» و «پانتایی گشتی»دا کرا (تا ئەمڕۆش مشتومڕ و بەرهەڤدانی فیکری لەسەر ئەم هێڵە بەردەوامە). جان ستوارت میل (1982) لە کتێبی «دەربارەی ئازادی»دا[4] بۆ یەکەم جار مەترسییەکانی دیکتاتۆریی زۆرینەی ئاشکرا کرد و نیشانی دا کە دەنگی زۆرینە بە واتای هەقیقەت نییە. بە باوەڕی ئەو هەندێک لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی مرۆڤ ڕوویان لە تاکە کە بە «کردەوەی ڕوو لە خۆ»[5] ناودێریان دەکات، هەندێکیش ڕوویان لە خەڵکە کە ناویان دەنێت «کردەوەی ڕوو لە ئەوانی تر». بە بۆچوونی ئەو ئەگەر هەموو کۆمەڵگە لەسەر یەک باوەڕ یان کردەوە کۆک بێت بەڵام تاکێک باوەڕێک یان کردەوەیەکی جیاوازی هەبێت، مادام کە ئەو باوەڕ یان کردەوەیە «ڕوو لە خۆ» بێت، ئەوە دەوڵەت، یاسا یان زۆرینەی کۆمەڵگە مافی پێشێلکردنی مافی ئەو تاکەیان نییە؛ چونکە ئەم باوەڕ یان کردەوەیە پەیوەندی بە کەسی تر جگە لەو کەسەوە نییە. بەم ئایدیایەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەر دیموکراسیدا هات و دیموکراسیی لیبراڵ لە دایک بوو کە تا ئەمڕۆش ڕەوتی سەرەکیی سیاسەتی دیموکراتی داکۆکی لەم جۆرە دیموکراسییە دەکات. لە ژێر باندۆری ئەوها ئایدیایەک چەمکی مافەکانی مرۆڤ پەرەی ستاند، کە باس لەو مافە بنەڕەتی و زاتییانە دەکات کە تاکێک یان کەمینەیەک هەیەتی و دەوڵەت و یاسا یان دەنگی زۆرینە بۆیان نییە پێشێلیان بکەن. ئەو مافانە بە بڕیاری یاسایی و لە پەرلەماندا بە دەنگی زۆرینە مامەڵەیان لەسەر ناکرێت و وەک پێشگریمانە و پێشمەرج بۆ دیموکراسیی لیبراڵ هەژمار دەکردرێن [٦]. لەم ڕەهەندەوە، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ تا ئەمڕۆش بە جۆرێک پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی دیموکراتیبوونی دەوڵەتەکان. کە وابوو بەکورتی،

[4] On Liberty
[5] Self-regarding Conduct

دێموکراسی دەنگی زۆرینەیە بە ڕەچاوکردنی مافە بنەڕەتی و زاتییەکانی هەموو تاک و کەمینەکان کە بەشی زۆریان لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و دیکەی پەیمانە نێونەتەوەییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

پرسیارەکەی ستوارت میل لەمەڕ مافە گرووپییەکانیشدا٦ دێتە ئاراوە ئەگەرچی ئەوباسی ئەم پرسە ناکات بەڵام لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا دەبێت ڕوون بکرێتەوە کە کام نەتەوە مافی بڕیاردانی لەسەر کام بابەتگەل هەیە. زۆر بابەت هەیە کە بڕیاردان لەسەریان ڕاستەوخۆ باندۆر دەخاتە سەر چارەنووسی نەتەوەی کەمینە. گرنگە بزانین لێکەوتەکانی بڕیارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کام نەتەوە دەگرێتەوە. لەم حاڵەتەدا دیسان هەمان پرسیار بەڵام ئەمجارە لە ئاستی نێوان نەتەوە جیاوازەکان دێتە ئاراوە. چ شتێک پەیوەندی بە چ گرووپێکی کولتووری (نەتەوەیی)یەوە هەیە؟ واتە زۆرینەی کام نەتەوە دەبێت بڕیار لەسەر ئەم مژارگەلە بدات کە مشتومڕیان لەسەرە؟ دەنگی زۆرینەی نەتەوەی کەمینە یان دەنگی زۆرینەی کۆی ئەم دوو نەتەوەیە؟ دەبێ بەردەوام لە خۆمان بپرسین کە کام زۆرینە ڕەوایی بڕیاردانی لەسەر مژارەکان هەیە؟ (Arblaster, 2002: 68) کاتێک دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵگەی زۆرینەدایە، ئیتر کەمینەکان ناتوانن بۆ مژارەکانی پەیوەندیدار بە ژیانی نەتەوەی خۆیانەوە بگەنە دەنگی زۆرینە مەگەر ئەوەی کە نەتەوەی باڵادەست لەتەک خۆیاندا هاوڕا بکەن. لێ هەروەکوو ڕوونە و ئەزموونیش دەری خستووە، نەتەوەی زۆرینە دەکەوێتە شوێن بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە سۆنگەی ناسنامە و بەرژەوەندیی ئەتنیکیی خۆیەوە لێکدانەوە بۆ پرسەکان دەکات. بۆ نموونە، کام زۆرینە لە پەرلەمان مافی هەیە کە لەسەر لێدانی بەنداوێک کە قەرارە ئاسەواری دیرۆکی و کولتووریی نەتەوەی کەمینە بخاتە ژێر ئاوەوە بڕیار بدات؟ کام نەتەوە مافی کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی سەرزەوی و ژێرزەوی نیشتمانێکی دیاریکراوی هەیە؟ کام نەتەوە مافی بڕیاردانی لەسەر مینڕێژکردنی نیشتمانێکی دیاریکراوی هەیە؟ پرسگەلێ زۆر هەیە کە بەم شێوەیە دەبنە جێگای مشتومڕ لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا. تەنانەت پێناسەکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، چۆنێتیی داڕشتنی سیاسەتی دەرەکی، سیاسەتی زمانی، پەروەردە و بڕیاردان لەمەڕ شەڕ و ئاشتییش دەکەونە ناو ئەو مژارگەلە پڕگرنگانە کە کەمینەکان ناتوانن تیایاندا ڕۆڵ بگێڕن. بۆیە هاووڵاتیبوون، کە دوو لایەنی ماف و بەرپرسیارێتی لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوان جگە لە بەرپرسیارێتی واتای خاوەنمافبوونی نامێنێت.

## پەیوەندیی تاک و کۆمەڵ

وێدەچێت دێموکراسییەکان تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە مافەکانی تاکەکانەوە هەبووە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون و لانیکەمی پێداویستیی ژیان و مافەکانی هاووڵاتیبوونیان وەدی هێناوە. لێ لەو شوێنەی کە باسی مافەکانی کەمینەکان دێتە گۆڕێ، بەتایبەت کەمینە نەتەوەییەکان، دێموکراسییەکان تووشی کێشە و تەنگەژە بوون؛ ئەم کێشەیەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە هاووڵاتی تەنیا وەک تاک پێناسە کراوە و هاووڵاتیبوون وەک پەیوەندیی سیاسیی تاکەکان لەتەک سەروەریدا. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە هاووڵاتیبوون وەک تاک، کە لایەنی پەیوەندیی تاک بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان کولتووری (نەتەوە) لەبەرچاو ناگرێت و پەیوەندیی تاک و کۆمەڵ، جگە لە پەیوەندییەکی سیاسی بە دەوڵەتەوە، بە خەسار بۆ ئایدیای هاووڵاتیبوون دەزانێت، بنەچەی بۆ بنەماکانی لیبراڵیزم دەگەڕێتەوە کە دواتر بە تەواوی هاتووەتە ناو دێموکراسییەوە. لە ڕاستیدا، دێموکراسی هەمان لیبراڵیزمێکی بیرازکراوە. بەڵام دوابەدوای چالاکبوون و سەرهەڵدانی ناسنامەیلێ تر کە بە هۆیانەوە تاکەکان خۆیان بە کۆمەڵێک، چینێک، یان جێندەرێکی تایبەتەوە بەستەوە، هزرڤان و بیردۆزە سیاسییەکان هەوڵیاندا ئایدیای مافە گرووپییەکان پەرە پێ بدەن [٧]، لەسەر ئەم بنەمایە کە هاووڵاتیبوون ناکرێ تەنیا لەسەر تاکگەرایی بونیاد بنرێت، بەڵکوو دەبێت ڕەهەندی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان بە ناسنامە کۆییەکانیانەوە لەبەرچاو بگرێت. بە بۆچوونی کیملیکا، تاکەکانی سەر بە نەتەوەی کەمینە ئەندامی کولتوورێکی کۆمەڵگایین[٧] کە ئەم

---

[6] Group Rights

[7] Societal Culture

جۆرە کولتووره، شێوازە جۆراوجۆرەکانی واتاداربوونی ژیان بۆ مرۆڤەکان لە نێوان گشت پانتایی چالاکیەکانی مرۆڤ دابین دەکات کە بریتین لە، چالاکییە کۆمەڵایەتی، فێرکاری، ئایینی و ئابوورییەکان و ئەو چالاکییانەی کە مرۆڤەکان بۆ خۆشی و بەسەربردنی کات کاتیان بۆ تەرخان دەکەن. ئەو چالاکییانە هەموو پانتایی گشتی و خۆکەسی لەخۆ دەگرن. ئەم جۆرە کولتوورە لەسەر بنەمای زمانێکی هاوبەشە (Kymlicka, 1995: 76) و پەیوەندییەکی بێپسانەوەی لەنێوان تاکەکان و کولتووری نەتەوەییاندا هەیە. وەک دەیڤید میلەر بۆمان باس دەکات، نەتەوە کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقییە. (Miller, 1995) بە لێکدانەوەی بۆچوونی کۆمەڵباوەڕەکان، ئەندامبوون لە نەتەوەیەکدا بژاردە نییە بەڵکوو زۆربەی مرۆڤەکان لە نەتەوەیەکدا دێنە دونیا و ئەمە دەبێتە بەشێکی سەرەکیی ناسنامەکەیان. (Tamir, 1993) هەر کاتێک کولتووری نەتەوەیەک لاواز ببێت، تاکەکانی ئەندام لەو نەتەوەدا لە گەشەکردن و پێشکەوتن دەکەوەن. (Kymlicka, 1989) مارگالیت و ڕازیش پێیان وایە کە تاکەکان لە ڕێگەی کولتوورەوە گەشە دەکەن و کولتووریش لە ڕێگەی گرووپەکانەوە دەپارێزرێت. (Margalit & Raz, 1990)

بە هۆی تێنەگەیشتن لەم پەیوەندییەی نێوان تاک و کۆمەڵەکان، وەڵامی بەشێکی زۆری بیرمەندانی سیاسی لە سەرەتادا بە داخوازی کەمینە نەتەوەییەکان لە دەوڵەتە نادێموکراتەکاندا ئەمە بوو کە کێشەکە نەبوونی دێموکراسییە و دەبێت پەرە بە ئایدیای هاووڵاتیی تاکگەرایانە بدرێت. بۆ نموونە، ڕۆشنبیرانی ئێرانی، ئێستاشی لەگەڵ بێت، بەردەوام لەهەمبەر داخوازییەکانی نەتەوە نافارسەکاندا باس لەمە دەکەن کە لە ئێرانێکی دێموکراتدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان کورد و فارس و ترک و هتد نابێت و هەموو هاووڵاتییان وەکیەک سەیریان دەکردرێت. ئەم وەڵامە پڕ هەڵەیە، بە هۆی ئەوەی کە پرسی کوردەکان پرسی هاووڵاتیبوون وەک تاک نییە. هەڵاواردنی کوردەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیکە و ئەوان وەک نەتەوە تووشی هەڵاواردن بوونەتەوە، و ئاوارتەبوونیان بە هۆی کوردبوونیانەوەیە نەک بە هۆی تایبەتمەندیی خۆکەسیی تاکەکان. باسکردن لە پاراستنی مافەکانی تاکەکانی کەمینەیەکی نەتەوەیی بەبێ ڕەچاوکردنی خۆسەروەری بۆ ئەم نەتەوەیە زیاتر بۆ شاردنەوەی نادادپەروەریی ئەتنیکی و نەتەوەییە (Kymlicka, 1995: 194). کەواتە پرسی کەمینە نەتەوەییەکان ئەوە نییە کە پەرە بە ئایدیای هاووڵاتیی مۆدێرن لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا بدرێ، بەڵکوو پرسەکە ئەمەیە کە زیاتر لە یەک کۆمەڵگەی سیاسی لە دەوڵەتێکدا بوونی هەیە. بۆیە ئەگەر هاووڵاتیبوون بە واتای ڕەسەنی خۆی پەیوەندیی نێوان تاک لەتەک کۆمەڵگە سیاسییەکەیدا بێت، پێویستیمان بە جۆرێکی تر لە پێناسەی هاووڵاتیبوون هەیە. هەروەک پێشتر باس کرا، سیاسەتی دێموکراتی پێویستە نەتەنێ بۆ تاکەکان بەڵکوو بۆ پرسی گرووپێکی کولتووریش وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە، **چ شتێک پەیوەندی بە چ گرووپێکی کولتوورییەوە (نەتەوەیەکەوە) هەیە؟**

## ئایا مافەکانی مرۆڤ ڕێگاچارەسەرە؟

مخابن بڕگەکانی مافەکانی مرۆڤیش بە دوو هۆکار نەیانتوانیوە ئەو پرسە چارەسەر بکەن: یەکەم، هیچ گەرەنتییەکیان نییە و دەسەڵاتێکی جیهانیی گشتگیر لە سەرووی دەوڵەتەکانەوە بۆ جێبەجێکردنیان بوونی نییە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دراوەتە دەستی دەوڵەتەکان؛ دووەم، بڕگەی پەیوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووس باسی «خەڵک»[8] دەکات و دەبێژێت هەر خەڵکێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە، لێ ڕوون نییە کێ دەتوانێ «خەڵک» بێت و کێ ناتوانێ ببێت، بۆیە ئەم بڕیارە کەوتووەتە دەست دەوڵەتەکان کە دیاری بکەن کێ خەڵکێکە کە دەتوانێ خاوەنی ئەم مافە بێت. هەر بەم هۆیەشە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس زیاتر لەوەی کە پرسێکی مافناسانە بێت بووەتە پرسێکی سیاسی و دەسەڵات و هێز یەکلایی دەکاتەوە. کەمینە نەتەوەییەکان، وەکوو کوردەکان و کاتالانەکان، هەڵگری ئەم داخوازییەن کە ئەوان خەڵکێکی جیاوازن، کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە. مافی دیاریکردنی چارەنووس پێمان دەڵێت کە «یەکە سیاسی و یەکە نەتەوەییەکان پێویستە لەتەک یەک هاوڕێک بن» (Gellner, 1983: 55). هزرڤانانی سیاسییش زۆربەیان ئەم مافە دەبەستنەوە بە حاڵەتێکی نائاسایی و لە دۆخی قەیراناویدا بە مافێکی ڕەوای

[8] People

دەزانن [٨]. تەنانەت بەشێکی زۆریان بە ئۆتۆنۆمی تەفسیر لەم مافە دەکەن و بەشێکی تریشیان دژی ئەم مافەش دەوەستنەوە و بە مەترسی بۆ سەر مافە تاکەکەسییەکانی دەزانن. سیستەمی نێونەتەوەییش بەهای زیاتر بە یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکان دەدات. ناسراوترین تیۆریستی لیبراڵی بواری مافی دیاریکردنی چارەنووس، بوکانان، بۆ پارێزگاری لە کولتووریی نەتەوەیی، باوەڕی بە خۆسەروەریی ناوخۆیی بۆ ئەو نەتەوانە هەیە و پێی وایە کە لە ئەگەری مەترسیی لەناوچوونی کولتووریان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەتەک ڕەگەزپەرەستیدا مافی جیابوونەوەیان هەیە. (Buchanan, 1991) ئەو سەبارەت بە کوردەکان باس لە ئارگیومێنتێک دەکات کە لەسەر بنەمای مافی بەرگریکردن لە خۆیە[9] و دەبێژێت:

> بۆ نموونە، یەکێک لە بەهێزترین ئارگیومێنتەکان بۆ بەفەرمیناسینی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، تەنیا ئەو حاڵەتەیە کە بە کۆنترۆڵکردنی خاکێک کە تیایدان، مانەوەی ئەم گرووپە لەهەمبەر مەترسییەکانی جینۆساید لە لایەن ترکیا، ئێران و ئێراق دەپارێزێت. (Buchanan, 2007: 760)

یان دەیڤید میلەر دەڵێت کە ئەگەر دوو ناسیۆنالیزم پێشتر ئەوەندە بەهێز بووبن کە ئێمە دوو نەتەوەیایەتی جیاوازمان هەبێ کە شانبەشانی یەکتر بژین، لە کۆتاییدا باشترین ڕێگاچارەسەر لەوانەیە هەر جیابوونەوەی یەکێک لەو کۆمەڵانە بێت. ( Miller, 1989: 288) بەم حاڵەشەوە، چۆن مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای مافەکانی تاک دامەزراوە، جگە لە هەندێک ئاماژە بۆ مافەکانی کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان، شتێکی ئەوتۆی بۆ مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان تیادا نییە و هەرچی هەیە تەفسیرێکە لە بڕگەکان. بۆیە کیملیکا پێی وایە کە مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان بەشێک نین لە مافەکانی مرۆڤ. وەکوو ئەو باس دەکات کێشەی مافەکانی مرۆڤ ئەوە نییە کە وەڵامێکی هەڵەی بۆ پرسەکانی کەمینە نەتەوەییەکان هەبێ، بەڵکوو ئەمەیە کە هەر باسی ئەو پرسانەی نەکردووە، بۆ نموونە، مافەکانی مرۆڤ باسی سیاسەتی زمانی سپاردووە بە دەنگی زۆرینە. (Kymlicka, 1995, 4-5, 109) تەنانەت لەمەش خراپتر، مافەکانی مرۆڤ ڕێگەی بۆ نادادپەروەری بە دژی کەمینەکان خۆش کردووە، بۆ نموونە، کۆمەڵگەی زۆرینە دەتوانێ بە ڕاگواستنی خەڵک دێموگرافیی نیشتمانی کەمینەکان تێک بدات، بە جۆرێک کە لە دەنگداندا کەمینەکان لە ناوچەکانی خۆشیاندا نەتوانن ببنە زۆرینە. لەبەر ئەوەی کە مافەکانی نەتەوەی کەمینە هەر وەک مافەکانی نەتەوەی زۆرینەن، پێویستە لە مافەکانی مرۆڤدا مافەکانیان وەک یەکتر پێناسە بکرێن. (Kymlicka, 2001a). وەکی دیارە مافەکانی مرۆڤ لەمەڕ پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان زۆر ناتەواو و سەقەتن، ئەوان زۆر بەسانایی ڕێگەیان بۆ داگیرکردنی نیشتمانی کەمینەکان خۆش کردووە. بۆیە لەپێناو دێموکراتیزەکردنی دێموکراسیدا پێویستە گۆڕانکارییان تیادا دروست ببێت و مافەکانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە مافەکانی مرۆڤەوە زیاد بکردرێن.

## ئایدیای هاووڵاتیبوون و دادپەروەریی نێوان نەتەوەکان لە «دەوڵەتێکی فرەنەتەوە»دا

ئایدیای هاووڵاتیبوون کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دەوڵەتی مۆدێرنە و پشتیوانێکی بنەڕەتیی ئایدیای یەکسانییە. بەڵام هەردووی ئەم ئایدیایانە لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی سیاسیی تایبەت بە ناوی دەوڵەتی مۆدێرندا پێناسە کراون. لە ڕاستیدا، یەکەم باسی گرنگ لەمەڕ دێموکراسی چوارچێوە و سنووری جوگرافیای سیاسیی وڵاتانە [٩]. دێموکراسی لە هەر چوارچێوەیەکدا چێ نابێت، بەڵکوو پێویستی بە ئاستێک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هاوچەشنی لە کولتوور و ناسنامەدا هەیە. بەم بۆنەوە میلەر (1995) چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بە باشترین چوارچێوە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەزانێ و لە کتێبی «دەربارەی نەتەوایەتی»دا[10] لەمە دەدوێت کە هەر بیردۆزێک لەمەڕ هاووڵاتیبوون دەبێ ئایدیای نەتەوایەتی ڕەچاو بکات، لەبەر ئەمەی بەبێ ئەم ئایدیایە متمانە و هەستی هاوبەشی کۆیی لە نێوان هاووڵاتییاندا دروست نابێت. هەروەها، بە بۆچوونی کالهون، لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەبێ

---

[9] Self-defense argument

[10] On Nationality

یەکگرتوویی نەتەوەیی، دێموکراسی ناتوانێ چێ ببێت و دێموکراسی تا ڕادەیەکی زۆر بە ناسیۆنالیزمەوە بەستراوەتەوە. چونکە دێموکراسی بەندە بەمەی کە کێ دەتوانێ هاووڵاتی بێت و کێ مافی دەنگدانی هەیە، بڕیاردان لەمبارەشەوە پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە. (Calhoun, 2014). بەڵام لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەدا، چەند ناسیۆنالیزم هاوکات بەیەکەوە بوونیان هەیە. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دێموکراتیش بێت، لەبەر ئەمەی کە هەر دەسەڵات و سەروەرییەک ناسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە یەکێک لەو ناسیۆنالیزمانەوە هەستاوە ناتوانێ بێلایەن بێت، کەواتە ناتوانێ یەکسانی لەناو هاووڵاتییاندا بەکردەیی بکات و لە ئاکامدا پەرە بە نادادپەروەری لەنێوان نەتەوە/ئەتنیکەکان دەدات [١٠]. هەڵەی بەشێکی زۆری بیرمەندان و زانستکارانی سیاسی لەمەڕ پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوان پێیان وایە دەکرێ دەوڵەتێکی دێموکراتی لەهەمبەر کولتوور و ئەتنیسیتە بێلایەن بێت. بەم شێوەیە و بە هەڵە پرسی بێلایەنیی دەوڵەتی دێموکراتی لەسەر بنەمای هاووڵاتیی دێموکراتی[١١] وەک بنەمایەک بۆ دێموکراسی قبووڵ کراوە. دێمواکرسی و ناسیۆنالیزم دوو ئایدیۆلۆژیی سەرەکیی هاوچەرخن کە پەیوەندییەکی دیرۆکی و ئایدیۆلۆژیکییان بەیەکەوە هەیە. هەردووکیان لەم ئایدیایەی شۆڕشی فەڕەنسادا هاوبەشن کە دەسەڵاتی سیاسی لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت. دێموکراسییە مۆدێرنەکان لە چوارچێوەی نەتەوە-دەوڵەتێکدا فۆرمیان گرتووە، واتە یەکە و چوارچێوەی سیاسیی جیهانی مۆدێرن دەوڵەتی نەتەوەییە، کەوابوو دێموکراسی خۆی لەسەر پێشگریمانەیەک ڕاوەستاوە، ئەویش ئەمەیە کە دێموکراسی لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا واتای هەیە و دەتوانێ دابمەزرێت. لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا ئەو یەکە سیاسییە وەک دەوڵەت چاوی لێکراوە نەک وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسی کە نەتەوەیە. ئەمە هەڵەیەکی سەرەکیی تیۆری سیاسیی مۆدێرن بووە، لەبەر ئەمەی کە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە هەڵگری یەک «کۆمەڵگەی سیاسی» نییە، بەڵکوو هاوکات دوو یان چەند کۆمەڵگەی سیاسی لەخۆ دەگرێت.

تیۆری دادپەروەریی جان ڕاڵز، وەک کاریگەرترین تیۆر لە فەلسەفەی سیاسیی لیبراڵدا، لە حەفتاکانەوە لە هەوڵی شیکاری ئەمەدا بووە کە چ کەسێک شایەنی چ شتێکە و بووەتە بنەمایەک بۆ لیبراڵیزمی یەکسانخواز[١٢]. ئەم ڕوانگەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەی ستاندووە و تیۆرەکانی دادپەروەری لەو کاتەوە باس لەمە دەکەن کە چۆن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و کولتوور بە یەک چاو سەیری هەموو هاووڵاتیان بکردرێت. وەکی فێبێر ڕاڤەی دەکات، تیۆرەکانی دادپەروەری [تا ئەمڕۆ] بەدوای ئەمەدا بوون کە داکۆکی لە دەوڵەتێکی خۆشبژێو بکەن کە لە ڕووی کولتوورییەوە هاوچەشنە. (Fabre, 2007: 1) بەڵام هەروەک پێشتر باس کرا، لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا چەند کولتووری نەتەوەیی جیاوازمان هەیە. لاوازی تیۆری دادپەروەریی ڕاڵزیش ئەمەیە کە کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی کولتووری لە یەک دەوڵەتدا وەکیەک داناون. ئەمە لە حاڵێکدایە کە تیۆرێکی گشتگیری دادپەروەری دەبێت دادپەروەریی نێوان نەتەوەکان، نێوان گرووپە کولتوورییەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووس و دادپەروەریی لەمەڕ خاک و نێوان کۆچبەرەکان و تەنانەت نادادپەروەرییەکانی ڕابردووش لەبەرچاو بگرێت. (Ibid: 2) بۆیە دەکرێ پرسیار بکەین کە دەوڵەت چۆن و تا چ ڕادەیەک دەتوانێ لە پێناو ڕەچاوکردنی دادپەروەریدا هەموو هاووڵاتیان، بەدەر لەوەی کە ئەندامی کام ئەتنیک/نەتەوەن، بە یەک چاو سەیر بکات؟

بەرهەڤدانێکی فیکری لەسەر ئەم پرسە هەیە. بیرمەندگەلێ سەر بە بیرگە فیکرییە جیاوازەکان پێیان وایە کە دەوڵەت دەتوانێ و دەبێ لەمبارەوە بێلایەن بێت. تا ئەمڕۆ ڕەوتی سەرەکیی تیۆری سیاسی زیاتر داکۆکی لە ئایدیای بێلایەنیی دەوڵەت کردووە. بیرمەندگەلێ وەک چارلز تەیلور (1992) و کیملیکا (1995) پێیان وایە کە دەوڵەت ناتوانێت و نابێت بێلایەن بێت. لای ئەوان، دەوڵەتە دێموکراتییەکان بە ناوی بێلایەنییەوە لایەنگری لە کولتوور و ئەتنیسیتەیەکی تایبەت دەکەن، کەوابوو باشتر وایە کە دەوڵەتێکی دێموکراتی بە یەک ڕادە لایەنگری لە کولتووری هەموو نەتەوەکان بکات و هەمووان بەفەرمی بناسێت، بۆ ئەوەی عەدالەتی نێوان

[11] Democratic Citizenship
[12] Egalitarian Liberalism

نەتەوەکان وەدی بێت. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەوان داکۆکی لە مافە جیاکراوەکانی هاووڵاتیبوون[١٣] (کیملیکا) و مافە تایبەتییەکان[١٤] (تەیلۆر) دەکەن. لانیکەم پرسگەلێ وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، هێما نەتەوەییەکان، ڕۆژەکانی پشوو و پرسی زمانی فەرمی پرسگەلێکن کە دەوڵەت بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ لەبارەیانەوە بێلایەن بێت [١١].

لە کاتێکدا کە لە ڕوانگەی ڕاڵزەوە سەرچاوەی یەکگرتوویی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا تێگەیشتنێکی هاوبەشە لە چەمکی دادپەروەری (Rawls, 1980)، مایکێل واڵزێر لە سەنگەری کۆمەڵباوەڕیدا[١٥]، پێی وایە کە «دادپەروەری دروستکراوەیەکی مرۆڤە، بۆیە ناکرێ تەنیا بە یەک شێوە بەرهەم بهێنرێت» (Walzer, 1983: 5) و بەم جۆرە داکۆکی لە کولتوورە جیاوازەکان دەکات و بەڵگە دەهێنێتەوە کە کۆمەڵگەی سیاسی شوێنێکە کە لەوێدا تێگەیشتنی هاوبەش دروست دەبێت، هەروەکی چۆن لە ئەوها کۆمەڵگەیەک مێژوو، کولتوور و زمان لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە. لەم ڕوانگەوە بێگومان لەنێوان تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کەمینە و زۆرینە ناکۆکی دێتە پێش. هاوڕا لەتەک واڵزێردا، دەکرێ بڵێین کە، ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی سەر بە قوتابخانەی کۆمەڵباوەڕی بە جۆرێک لەسەر ئەم باوەڕەن کە ناکرێ ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگەی زۆرینە و کەمینە بە پێوەرگەلێ جیهانگیر و یونیڤێرساڵ چارەسەر بکەین بەڵکوو بە پێچەوانەوە پێویستە لە ڕێگەی هەڤپەیڤینی کولتوورییەوە بێنە چارەسەرکردن [١٢]، میناک، داکۆکیکردنی بیخو پارێخ[١٦] لە فرەکولتووری لە کتێبی «پێداچوونەوەی فیکری بە فرەکولتورباوەڕی»[١٧]دا پەرەپێدانە بەم ڕوانگەیە. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی کولتوور و بەستێنی کۆمەڵایەتی، واڵزێر پێی وایە کە،

> کۆمەڵگەیەکی تایبەت تەنیا کاتێک دادپەروەرانەیە کە ژیانی ڕاستەقینەی ڕێچکەیەکی تایبەتی هەبێت -واتە ڕێچکەیەکی وەفادار بە دەرکپێکردنی هاوبەش لە ئەندامەکانی خۆی [...] . دادپەروەری ڕیشەی لە تێگەیشتنە جیاوازەکان لە شوێنەکان، شانازییەکان، پیشەکان و لە هەر شتێک دایە کە ڕێگایەکی هاوبەش بۆ ژیان چێ دەکەن. ڕەچاونەکردنی ئەم تێگەیشتنانە خوودی نادادپەروەرییە. (Walzer, 1983, 313-14)

لەم ڕوانگەوە، دەوڵەتێکی فرەنەتەوە نابێت وەکی ڕاڵز و زۆربەی بیرمەندگەلێ سیاسی دەڵێن هاووڵاتیان بە یەک چاو سەیر بکات، بەڵکوو بەجێی دادپەروەریی یونیڤێرساڵ پێویستە دادپەروەریی تایبەتخوازانە[١٨] جێگیر بکەین، چونکە لە بەستێنی کولتووری جیاوازدا خوێندنەوە و تەفسیری جیاواز بۆ دادپەروەری دەکرێت. کەوابوو، بۆ نموونە، لە دەوڵەتێکی فرەکولتووری وەک ئێراندا، ئەگەر دەوڵەتێکی دێموکراتیش هەبێ، ئەوە تەفسیرێکی تایبەت لە دادپەروەری لە ڕوانگەی ئەتنیک/نەتەوەی باڵادەستەوە بەسەر ئەنتیک/نەتەوەکانی تردا دەسەپێ و ئەمەش نادادپەروەرییە. لەم حاڵەتەدا، تەنانەت دەوڵەت ئەگەر بشخوازێ ناتوانێ دادپەروەری بەرقەرار بکات. مەگەر ئەمەیکە هەروەک لە بەشەکەی تردا ئاماژەی پێ دەکەم ئەو دەوڵەتە دان بەمەدا بنێت کە گرووپە کولتوورییە جیاوازەکان کۆمەڵێک نەتەوەی جیاوازن و پێویستە خۆیان سەروەریی تایبەت بە خۆیان هەبێت. لەم سۆنگەوە، تەنانەت دەکرێ باس لەمە بکەین کە لە دەوڵەتێکی فرەکولتووریدا ئەستەمە بە یەک شێوە تەفسیر لە یاسا بکردرێت. بەم جۆرە داڕشتنی یاسایەکی دێموکراتییانە بۆ هاووڵاتیان و پرسی بێلایەنی تا ڕادەیەک ئەستەم دەبێت. کەواتە نادادپەروەری وەک تەنگەژەیەکی سەرەکی لەو دەوڵەتانەدا دەمێنێتەوە و تەنیا دابەشکردنی سەروەری دەتوانێ ڕێگا بۆ سیستەمێکی دادپەروەرانە خۆش بکات.

---

[13] Group Differentiated Rights

[14] Certain rights

[15] Communitarianism

[16] Bikhu Parekh

[17] Rethinking Multiculturalism

[18] Particularistic Justice

## بەفەرمیناسین[١٩]

ململانێی ئەتنیکی نێوان کۆمەڵگەی کەمینە و زۆرینە تا ڕادەیەک ململانێ و پێکدادانێکی مێژووییە و کەمینەکان بۆ بەفەرمیناسینی خۆیان بەرخۆدان دەکەن. ئەم بەفەرمیناسینە تەنیا پرسێکی ڕواڵەتی نییە و پەیوەندی بە تێگەیشتن و هۆشیاریی مرۆڤەکان هەیە لە هەبوونی خۆیان. هێگڵ لە کتێبی «فینۆمینۆلۆژی ڕۆح»[٢٠] دا ئەم ئایدیایە دەداتە دەستمان کە ئەڕباب و ڕەعیەت پێویستیان بە بەفەرمیناسینی یەکترە و کاتێک بندەستەکان هۆشیار دەبنەوە و هەوڵی ئازادبوونیان دەدەن تووشی شەڕی بەفەرمیناسین دەبنەوە. لەم ڕوانگەوە، شەڕی درێژخایەنی ئەوان شەڕی بەفەرمیناسینە و مێژوو بەرهەمی هەوڵ و کردەی ڕەعیەتەکانە بۆ بەفەرمیناسینیان لە ئاست ئەڕبابدا. تیۆرەکانی بەفەرمیناسین لە هەموو جۆرەکانیدا لە ژێر باندۆری ئایدیای بەفەرمیناسینی هێگڵ، واتە پەیوەندیی دیالێکتیکیی ئاغا و ڕەعیەتدان.

لە هەناوی هەموو ئەم بۆچوونە ڕەخنەییانەی کە باسکران جۆرێک لە بەفەرمیناسین بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان بەدی دەکرێت. لە تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتیی هاوچەرخدا بەفەرمیناسین وەک سیاسەتی ناسنامە[٢١] و سیاسەتی فرەکولتووربوونیش دەناسرێت. ناسراوترینیان وتاری بەناوبانگی چارلز تەیلۆر (1992)ە بە ناوی سیاسەتی بەفەرمیناسین[٢٢]، کە تیایدا داکۆکی لەمە دەکات کە ناسنامە و بەفەرمیناسین لە پەیوەندی لەتەک یەکتردان. ئەو دەنووسێت کە:

> ناسنامەی ئێمە تا ڕادەیەک لە ڕێگەی بەفەرمیناسین یان بەفەرمینەناسین و زۆربەی کاتیش «بەفەرمیناسینی هەڵە»[٢٣]ی ئەوانی ترەوە دروست دەبێت. بۆیە ئەگەر کەسێک یان گرووپێک لە خەڵک لە ئاوێنەی خەڵک یان کۆمەڵگەی دەوروبەری خۆی، وێنەیەکی ئابڕووتکێن و تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی لە خۆیان بدۆزنەوە خەساری جیددیان پێ دەگات. بەفەرمینەناسین و بەفەرمیناسینی هەڵە دەتوانن خەسار بگەیێنن، دەتوانن جۆرێک بن لە سەرکوتکردن، کە کەسێک لە حاڵەتێکی هەڵە، گۆڕدراو و بچووککراوی هەبوونی خۆیدا زیندانی بکات. (Taylor, 1992: 25)

تەیلۆر بە تێگەیشتنێک کە لە دیالێکتیکی ئەڕباب و ڕەعیەتی هێگڵی هەیە، لە زمان ئەوەوە دەڵێت کە مرۆڤ تەنیا بەو ڕادەیە کە بەفەرمی دەناسرێ دەتوانێت گەشە بکات و پێش بکەوێت. (Ibid: 50) هەروەتر، ئەو پێی وایە کە بەفەرمیناسین یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤە. (Ibid: 26) کەوابوو، ناسنامەی ئێمە لە ڕێگەی بەفەرمیناسینەوە خۆ دەگرێت. هەر بە هۆی قورسایی کارتێکەریی ئەو وێنەیەی کە ئەوانی تر لە ئێمەی دروست دەکەن، فانۆن لە کتێبی «دۆزەخییەکانی سەر زەوی»[٢٤] بەڵگە دەهێنێتەوە کە چەکی سەرەکیی کۆلۆنیالیستەکان ئەمەیە کە ئەو وێنەیەی کە خۆیان حەز دەکەن بەسەر خەڵکی داگیرکراودا دەسەپێنن. ئەو پێی وایە کە یەکەم هەنگاو بۆ مرۆڤی کۆلۆنیکراو دەبێت سڕینەوەی ئەو وێنەیە بێ کە تەژی لە سووکایەتییە و داگیرکەر لێی دروست کردووە. (Fanon, 1961)

هەروەک لە بەشەکانی پێشووتردا باسکرا، پرسی ناسنامەی نەتەوەیی ناتوانێت لە ڕێگەی دەنگدان و پەرلەمانەوە چارەسەر بکردرێت، لەبەر ئەوەی لە دێموکراسیدا کەمینەبوون ڕێگرە. بۆیە سیاسەتی دێموکراتی نەیتوانییوە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە چارەسەری ئەم پرسە بکات. ئەمە بووەتە هۆکار کە هەندێ فەیلەسووفی سیاسی بگەنە ئەم ئایدیایە کە کەمینە نەتەوەییەکان دەبێت بەفەرمی

---

[19] Recognition

[20] Phenomenology of Spirit

[21] Identity Politics

[22] The Politics of Recognition

[23] Misrecognition

[24] The Wretched of the Earth

بناسرێن و مافە نەتەوەییەکانیان وەک مافگەلێ ڕەوا و زاتی دانیان پێ دابنرێت. نموونەی ئەم ڕێگاچارەسەرە لە هەندێک دەوڵەتی فرەنەتەوەدا (بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەک کە لە ئاستی بەفەرمیناسینیاندا هەیە) بەدی دەکرێت، وەکوو کێبێکەکان لە کانادا، سکۆتڵەندییەکان لە بریتانیا، کاتالانەکان لە سپانیا. وێدەچێ فیدراسیۆنی کانادا و سویسرا‌ڕا لەم نێوانەدا نموونەیلێ سەرکەوتوو بن. کێشەی سەرەکی لێرەوە دەست پێ دەکات کە، کەمینە نەتەوەییەکان لەناو دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا، لە لایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەی زۆرینەوە وەکوو ئەتنیک پێناسە دەکردرێن [١٣]، لە بەرامبەردا، کۆمەڵگەی زۆرینە خۆی وەک نەتەوە پێناسە دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کۆمەڵگەی کەمینەش خۆی وەک نەتەوە پێناسە دەکات. ئەم مژارە لە زۆر شوێن بووەتە هۆی ناکۆکی لەنێوان کۆمەڵگەی سیاسیی کەمینە و زۆرینەدا. بۆ نموونە، لە کانادا ئەم کێشەیە بەرچاو بوو [١٤]. ئەگەرچی کەڵکوەرگرتن لە گوتاری نەتەوەیی لە لایەن کەمینەکانەوە و خۆناسکردنیان وەک نەتەوە، بەشێکی بە هۆی ئەمەیە کە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی مافناسانەی بەدوادایە، بەشێکیشی بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی چەنەلێدان لە دانوستانە سیاسییەکاندایە. وەلێ ئەمانە تەنیا هۆکار نین و ئەوان کۆمەڵگەیلێ دیرۆکین و دەخوازن کە وەک نەتەوە ناویان بەرن و ناس بکردرێن. هەر کۆمەڵگەیەک و گرووپێک دەتوانێ ناوێک بۆخۆی هەڵبژێرێت و ئەمە مافێکی سەرەتایی و گرنگە و دەبێت لە لایەن ئەوانی ترەوە ڕێزی لێ بگیرێت [١٥]. هەنگاوی یەکەمی بەفەرمیناسینی لایەنی بەرامبەر، ناسکردنیەتی بە ناوێک و چەمکێک کە خۆی حەز دەکات. مخابن هزرڤانانی سیاسی بە دەگمەن جیاوازییان لەنێوان کەمینە نەتەوەییەکان (نەتەوە) لەتەک کۆچبەرەکان (ئەتنیک)دا داناوە. لەوانەیە یەکەم جار واڵزێر هەستی بەم جیاوازییە کردبێت کاتێک کە دەنووسێت؛

«ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دادپەروەرانە لەتەک کەمینە نەتەوەییەکان دەبێت لەسەر دوو جۆر جیاوازی دابمەزرێت»، یەکەم، [جیاوازیدانان] لەنێوان ئەو کەمینانە کە لە هەرێمێکدا و لە دەوری یەک نیشتەجێن لەهەمبەر کەمینە بڵاوەکان؛ و دووەم، [جیاوازیدانان] لەنێوان ئەو کەمینانە کە جیاوازییەکی بەرچاویان لەتەک [کۆمەڵگەی] زۆرینەدا هەیە لەهەمبەر ئەوانە کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. (Walzer, 1994: 73)

واڵزێر بەم جیاکارییە سەرەتاییە بۆ ناسین و جیاکردنەوەی پرسی کەمینە نەتەوەییەکان دەست پێ دەکات و داکۆکی لە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەوان دەکات. لە دواییدا، کیملیکا (1995: 11-33) لە تیۆرەکەی لەمەڕ فرەکولتووریدا بە شێوەیەکی تەواو سیستەماتیک ئەم جیاکارییە دەگەیەنێتە ئەنجام و باس لەمە دەکات کە مافەکانی کەمینە نەتەوییەکان خۆسەروەری لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەتنیکەکان کۆمەڵە خەڵکانێکی کۆچبەرن و ئەگەرچی مافگەلێ گرووپییان هەیە لێ خاوەنی نیشتمانێکی دیاریکراو لەو وڵاتەی کۆچیان بۆ کردووە نین و مافی خۆسەروەری ئەوان ناگرێتەوە.

هەمووی ئەم ڕەخنە تیۆرییانەی کە لە سەرەوە ئاراستەی دێموکراسییەکانی سەردەم کران، لە ڕێگەی جۆرێک لە بەفەرمیناسینەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکن بۆ پرسی فرەچەشنیی کولتووری. وەلێ ئەوەی کە گرنگە ئەمەیە کە ئاستی بەفەرمیناسینی مافە گرووپیەکانی کەمینە نەتەوەییەکان لە هەموو ڕوانگەکاندا وەک یەک نییە و بۆچوونی هەموویان چەشنێک لە کۆنەپارێزی پێوە دیارە، لێ لە نێوانیاندا داکۆکیی کیملیکا لە بەفەرمیناسینی کەمینەکان وەک نەتەوەیەکی تەواو هاوتا لەتەک نەتەوەی زۆرینەدا، ڕوانگەیەکی شازە، کە لێکەوتە سیاسییەکەی دەبێتە فیدراڵیزمی فرەنەتەوە [١٦]. لەنێوان هزرڤانانی سیاسیدا ئەو زۆرترین ئاستی بەفەرمیناسینی فۆرموڵە کردووە و پرۆژەی نەتەوەسازی بۆ هەموو نەتەوەکانی ناو دەوڵەتێک بە مافێکی ڕەوا دەزانێت. (Kymlicka, 2001: 23-29) لە پاڵ ئەمەشدا، ئەگەرچی جیابوونە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم و بە مێکانیزمی دێمکراتییانە تەواو بە مافێکی ڕەوا دەزانێت (Kymlicka, 2016, 399) هەوڵی خۆی دەدات کە وەک جێگرەوەیەک بۆ جوداییخوازی داکۆکی لە فیدراڵیزمی فرەنەتەوە بکات [١٧].

هەڵبەت زۆر گرنگە کە ئاماژە بکەین کە تیۆری «هاوبەشکردنی هێز»[٢٥] لەناو تیۆرەکانی دیموکراسیدا دوو مۆدێلی دیموکراسیی نازۆرینەی لێدەکەوێتەوە کە لە بەرامبەر دیموکراسی زۆرینەدان و بریتین لە دیموکراسیی ئەنجومەنی[٢٦] و دیموکراسیی تەوافوقی[٢٧] کە چەشنێک لە بەفەرمیناسینی کەمینە نەتەوەییەکان تیایاندا بەدی دەکرێت. لایپهارت دیموکراسیی زۆرینە بە شێوازێک لە دیکتاتۆری دەزانێت و دەڵێت لە پێناسەی دیموکراسی وەکوو «حکومەت بە دەستی خەڵک و بۆ خەڵک» ئەم پرسیارە بنەڕەتییە دێتە ئاراوە کە، ئەگەر خەڵک لەتەک یەکتردا کۆدەنگییان نەبێت و ئەولەوییەتەکانیان جیاواز بێت، چ کەسێک حکومەت دەکات، و هەروەها حکومەت دەبێت لەهەمبەر بەرژەوەندیی چ کەسانێک بەرپرسیار بێت؟ (Lijphart, 2010: 2) بۆیە ئەو لەسەر دیموکراسیی ئەنجوومەنی جەخت دەکاتەوە و ئاماژە بە چوار بنەمای سەرەکی بۆ ئەم جۆرەی دیموکراسیی نازۆرینە دەکات کە بریتین لە: (١) هاوبەندیی گەورە (دەوڵەتی هاوپەیمانی)؛ (٢) ڤیتۆی دوولایەنە (ڤیتۆی کەمینە)؛ (٣) سیستەمی هەڵبژاردنی هاوڕێژەیی؛ (٤) ئۆتۆنۆمی (Lijphart, 1997). ئەو پێی وایە کە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کەلێنی ئەتنیکیی قووڵیان هەیە، دیموکراسیی ئەنجوومەنی لە دیموکراسیی تەوافوقی باشترە. (Lijphart, 2008) دەتوانین بڵێین کە دوو دەوڵەتی سویسڕا و بەلجیک دوو نموونەی سەرکەوتوو لە دیموکراسیی تەوافوقین [١٨].

ڕەهەندێکی تری دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی ئەمەیە کە ئەگەر دیموکراسی تەنێ وەک مۆدێل و سیستەمێک بۆ حکومڕانی نەبینین و وەک کولتوور و شێوەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی چاوی لێ بکەین، ئەوە دیموکراسی پێویستە هۆشیاریی تاک و نەتەوەکان بەرز بکاتەوە و ئەمەش یەکێکە لە پێوەرەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی. دیموکراسیی ڕاستەقینە دەبێت هۆشیاریی نەتەوە بندەستەکان بۆ ناسینی خۆیان بەرز بکاتەوە و زەوینەی بڕیاردان لەسەر خۆیانیان بۆ دابین بکات. هەروەها نەتەوە سەردەستەکان لە دۆخی باڵادەستی خۆیان ئاگادار بکاتەوە و لە ڕێگەی پەروەردەوە هەوڵی لێکتێگەیشتن لەنێوان نەتەوە بندەست و سەردەستەکاندا خۆش بکات. دیارە بەفەرمیناسین زۆر ڕەهەند و ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرێت و لێکەوتەکانیشی بەپێی ئاستی بەفەرمیناسینەکە جیاوازن، بەڵام هەندێک پرسی سەرەکی هەن کە بەپێی ئەم باسانەی لەبارەی دیموکراتیزەکردندا کران، دەبێت لە هەر حاڵەتدا ڕەچاو بکرێن، بۆ ئەوەی دیموکراسی مرۆڤە بێدەوڵەتەکانیش بگرێتەوە و دیموکراتیزە بکردرێت. بەم واتایەی کە دیموکراسی ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو تاکەکان وەدی بێنێت، نەتەنێ بۆ ئەندامەکانی ئەتنیک/نەتەوەیەکی دیاریکراو. لە ژێرەوە ئاماژە بە چەند خاڵە گرنگانە دەدرێت؛

1) پرسی زمان و «بەفەرمیناسینی فرەزمانی»[٢٨]؛ وەک زۆر باسی تر، دیموکراسی بۆ دەوڵەتێکی فرەنەتەوە لەمەڕ زمانیشدا تیۆر و سیستەمێکی ناتەواوە. دیموکراسی پێمان ناڵێت کە چ زمانێک دەبێت زمانی فەرمی بێت، بەڵکوو ئەم پرسەی بۆ دەنگی زۆرینە بەجێ هێشتووە. تیۆری سیاسی لەمبارەشەوە زۆر سەرسوڕهێنەرانە بێدەنگ بووە [١٩]. ئالان پاتێن (2001) لە چوارچێوەی لیبراڵیزمی یەکسانخوازدا پەیوەندیی نێوان مافی بەفەرمیناسینی زمانی دایکی بۆ کەمینە نەتەوەییەکان لەتەک ئایدیای یەکسانیدا نیشان داوە و داکۆکی لە سیاسەتی فرەزمانی دەکات [٢٠]. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فیدراڵیزمی فرەنەتەوە لە دیدی کیملیکادا ئەمەیە کە هەر نەتەوەیەک دەبێت لە هەرێمی خۆیدا زمانەکەی فەرمی بێت، ئەگەریش بگونجێت لە هەموو دەوڵەتە گەورەکەدا فەرمی بێت، وەکوو زمانی فەڕەنسی لە کانادا. (Kymlicka, 2011). زمانی دایکی یەکێکە لە فاکتەرە هەرە بەهێزەکانی ناسنامەی نەتەوەیەک، بۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە زمانی نەتەوە بێدەوڵەتەکان ببێتە زمانی فەرمی و یاسایی.

---

[25] Power-sharing

[26] Consociational Democracy

[27] Consensus Democracy

[28] Multilingualism

٢) خاک؛ بەردەوام ئەم پرسیارە هەیە کە کێ خاوەنی هەرێمێکی دیاریکراوە؟ ئایا ئەم هەرێمە پەیوەندی بە ژیان و کولتووری کام خەڵکەوە هەیە؟ هەر جۆرە بەفەرمیناسینێکی مافە گرووپییەکان ئەگەر خاوەندارێتی لە خاک و سەروەری بەسەر خاک و نیشتمان بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت لەخۆ نەگرێت ئەوە بەفەرمیناسینێکی سەقەت و ناتەواوە. تیۆری سیاسی لەمەڕ خاوەندارێتی لە خاک بۆ کەمینە نەتەوەییەکان زۆر کۆنەپارێزە و لە باشترین حاڵەتدا جەخت لەسەر خاوەندارێتی لە فۆرمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی[29] دەکاتەوە کە سەروەریی نێوخۆیی بۆ ئەم نەتەوانە دەستەبەر دەکات. باوترین ئارگیومێنتی ناسیۆنالیزمی لیبراڵی لەمەڕ مافەکانی خاک ئەمەیە کە خاک گرنگییەکی زۆری بۆ کولتووری ئەو کۆمەڵگە نەتەوەییە هەیە کە ئیدعای خاوەندارێتی خاکەکە دەکات. ( Moore, 2001. Moore 2014) لەم سۆنگەوە، ئەگەر لەنێوان نیشتمانێکی تایبەت و کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی تایبەتدا پەیوەندییەکی بەهێز هەبێت، ئەوکات ئەو نەتەوەیە مافی سەروەریی بەسەر ئەو نیشتمانەدا هەیە. ئەگەر وەکوو هەندێک تیۆر لەمەڕ کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، وڵاتی نەتەوە بێدەوڵەتەکان بە کۆلۆنیکراو بزانین، بۆ نموونە، لە دیدی تیۆری کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی هێشتێرەوە [٢١]، ئەوکات وەک فرانتێس فانۆن دەرک بە گرنگیی خاک بۆ ئەم نەتەوانە دەکەین کە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییان بەسەردا زاڵە [٢٢]. فانۆن وەک بیردۆزێکی دژە-کۆلۆنیالیزم لەم باوەڕەدایە کە، «گرنگترین و بنگەهیترین بەها بۆ خەڵکێکی کۆلۆنیکراو خاکە، وەکوو کۆنکرێتیترین بەها، خاکێکە کە نانیان بۆ دابین دەکات، و سەرتر لە هەموو شتێکیش کەرامەتیان دەپارێزێت.» (Fanon, 1961: 43) هەروەها، بەشێکی زۆری واتا و پلانەکانی ژیانی مرۆڤ پەیوەندییان بە خاک و نیشتمانەوە هەیە. بەڵگەی ئەزموونیی گرنگ هەیە کە زۆربەی ئەو پرۆژە و پەیوەندییانەی کە واتا بە ژیانی کەسێک دەدەن، مرۆڤ تەنیا دەتوانێ لە شوێنێکی تایبەت لەتەک جوگرافی و پێکهاتەیەکی دامەزراوەیی تایبەتدا هەوڵی جێبەجێکردنیان بدات. (Moore 2014) لە مەسەلەی خاکدا پرسیی دێموگرافیش گرنگە، هاووڵاتیانی ناو دەوڵەتێک لە هەر شوێنێک کە بخوازن دەتوانن نیشتەجێ ببن، ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ داگیرکردنی بەشێکی خاکی کەمینەکان. بۆیە گرنگە کە لەناو دەوڵەتێکدا کە خاوەنی چەند هەرێمی نەتەوەییە سیاسەتی کۆچبەری لەژێر کۆنترۆڵی هەرێمەکان دابێت. بەم هۆکارەیە کە کیملیکا سیاسەتی کۆچبەران وەک بەشێکی سەرەکی لە دەسەڵاتی ئەو هەرێمانە پێناسە دەکات. (Kymlicka, 2001b: 94-104) چ بۆ ئەو دانیشتووانەی کە لەناو هەمان دەوڵەتدا خەریکی کۆچکردنن، چ بۆ کۆچبەرانی دەرەکی، دەبێت سیاسەتی کۆچبەران لە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئەو هەرێمە نەتەوەییە دابێت. کاتێک نەتەوەیەک خاوەنی چەشنێک لە سەروەری بەسەر نیشتمانەکەیەتی، هەموو بەشەکانی تری پەیوەندیدار بە سیاسەتی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتییش لەخۆ دەگرێت و یاسای بنەڕەتیی تایبەت بە خۆی دەبێت [٢٣].

٣) مافی نوێنەرایەتیی تایبەت و ڤیتۆ؛ لە فیدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆنێکدا کە چەند نەتەوە هەن، دەوڵەتە هەرێمییەکان[30] بێجگە لە پەرلەمانی خۆیان پێویستە نوێنەرایەتیی تایبەتییان لە دامودەزگاکانی حکومەتی فیدراڵدا هەبێت و لەم بڕیارانەی کە لێکەوتەکانی ئەوان دەگرێتەوە، مافی ڤیتۆیان هەبێت.

٤) ڕیفراندۆم و مافی جیابوونەوەی دێموکراتی؛ بەرزترین ئاستی بەفەرمیناسینی دێموکراتی مافی جیابوونەوەی دێموکراتی یان هەمان ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆییە. ڕیفراندۆم یان گشتپرسی بریتییە لە پرسیارێک کە لە گشت خەڵک دەپرسرێت. چەمکی ڕیفراندۆم بۆ دێموکراسیی فرەنەتەوە زۆر چەمکێکی بنچینەییە، لەبەر ئەمەی کە هەروەک لە پێناسەی دێموکراسیدا گوترا، دێموکراسی «سەروەری خەڵک»ە. ئەگەر دەوڵەتێک دان بەمەدا بنێت کە لە چەند «خەڵک» پێکهاتووە قۆناغێکی تر لە بەفەرمیناسین دێتە ئاراوە، ئەویش دانپێدانانە بە مافی جیابوونەوەی دێموکراتیانە. ئەو کات دەبێت بۆ دیاریکردنی سەروەری، لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە، دان بە مافی جیابوونەوەدا بنرێت. ڕیفراندۆم گەڕانەوەیە بۆ تێگەی دێموکراسیی ڕاستەوخۆ لە یۆنانی کۆندا و مێکانیزمێکە بۆ چارەسەرکردنی

---
[29] Territorial Autonomy
[30] Sub-state

کەمایەسیی دیموکراسیی نوێنەرایەتی. بە واتایەک، ڕیفراندۆم باشترین مێکانیزمە بۆ گەڕاندنەوەی دیموکراسی بۆ واتا ڕەسەنەکی خۆی. ڕیفراندۆم خوودی دیموکراتیزەکردنی دیموکراسییە. هەروەکی ئاربلاستێر بە ئاماژەکردن بە کێشەکانی دیموکراسیی نوێنەرایەتی بۆ پرسە سەرەکییەکان، لەسەر بایەخی ڕیفراندۆم بۆ گەڕانەوە بە ئاستێک لە دیموکراسیی ڕاستەوخۆ جەخت دەکاتەوە. (Arblaster, 2002: 79-85). هەر بەم بۆنەوە، ئەو باس لە گرنگی ڕیفراندۆمەکانی دەیەی ٧٠ لە بریتانیا دەکات کە بە مەبەستی چوونە ناو کۆمەڵی ئابووریی ئەورووپا و هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی بۆ سکۆتلەند و وێڵز بەڕێوە چوون. (Ibid: 84) لەبەر ئەمەی کە دیموکراسی دەسەڵاتی خەڵکە، لەسەر ڕەزامەندی خەڵک دادەمەزرێت. ڕیفراندۆم باشترین تاقیکردنەوەیە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی خەڵک لەسەر پرسی نەتەوەیی. هەر دەوڵەتێک کە ڕێگری لە بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆم بۆ نەتەوەیەکی بندەست بکات، ئەو بەپێی پێوەری ڕەزامەندیی خەڵک، بنەمایەکی سەرەکیی دیموکراسی پێشێل کردووە.

## دەرئەنجام؛ بەرەو دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی

بێدەوڵەتی وەک قەیرانێک لە سیاسەتی هاوچەرخدا بووەتە لەمپەر لەهەمبەر پێشڤەچوون و پەرەسەندنی دیموکراسی. ئەگەر دیموکراسی هەر وەک واتا ڕاستەقینە و کۆنەکەی «سەروەریی خەڵک»ە، پێویستە بپرسین کام خەڵک؟ واتە دەبێت سەرەتا جوگرافیا و نیشتمانێک دیاری بکردرێت کە تیایدا خەڵک سەروەری خۆیان بن. لەم سۆنگەوە، وەک ئۆف پێمان دەڵێت، بەبێ گەیشتن بە کۆدەنگییەک لەسەر یەکەیەک کە تیایدا مافی بڕیاردانی چارەنووس دیاری کرابێت، دیموکراسی سەقامگیر نابێت. (Offe, 2001) دیاریکردنی ئەم یەکە و چوارچێوەیەش دەبێت لەسەر بنەمای دەسەڵاتی خەڵک، واتە ڕەزامەندیی خەڵک و هەروەها «پەیمانی کۆمەڵایەتی»[٣١]، وەک بنگەهیترین بنەمای فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن، بێت. پەیمانی کۆمەڵایەتی وەک ڕاڵز ئاماژەی پێ دەدات لەنێوان تاکە ئازاد و یەکسانەکاندا دەبەسترێت. (Rawls, 1971). مخابن سنووری دەوڵەتەکان، بەتایبەت سنووره کۆلۆنیالیستییەکان -میناک، ئێراق و سووریا- بەبێ ڕەچاوکردنی یەکگرتوویی لە کولتووری نەتەوەییدا کێشراون. یان بەشێکی سنوورەکان -میناک، ئێران و ترکیا- پاشماوەی سیستەمی سیاسیی پێش-مۆدێرن، واتە ئیمپراتۆرییەکانن. بەم هۆکارانە، دەوڵەتەکان و نەتەوەکان لەتەک یەکتردا هاوڕێک نین. کەواتە ئێمە لەتەک کێشەی دیموکراسی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا ڕووبەڕووین. باسی چارەسەری ئەم پرسە لەسەر هەمان ئایدیای هاووڵاتیبوون وەک تاک، بە ناوی دیموکراسییەوە، خۆی مەترسییە بۆ سەر دیموکراسی. هەر جۆرە چاکسازییەک لە پێناو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤە بێدەوڵەتەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەما مرۆڤناسییە، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەستراوەیە بە کولتووره نەتەوەییەکەیەوە، دەبێت جۆرێک لە سەروەری بۆ نەتەوە بندەستەکان ڕەچاو بکات. ئەگینا باسکردن لە ئازادی و یەکسانیی تاکەکان بەبێ ڕێگەپێدان بە پاراستن و گەشەپێدانی کولتوورەکەیان، باسێکی بێبنەمایە و خەسار و هەڕەشەیە بۆ سەر بنەماکانی دیموکراسی. لێرەوە پرسی بەفەرمیناسین دێتە ئاراوە. دیموکراسی لە دەوڵەتە فرەنەتەوەکاندا، بە بەفەرمیناسینی هەموو نەتەوەکان دێتە دی. ئەگەرچی بەفەرمیناسین ڕێگایەکی یەکشەوە نییە و زۆر لایەن و ئاستی جیاواز لەخۆ دەگرێ و منیش گەرەکم نییە کە بێژم تەواوی ماف و ئازادییەکانی ئەو نەتەوە بێدەوڵەتانە دەبێت لە ڕێگەی فۆرمولێکەوە بێتە دی. وەلێ تێگەیشتن لەمەی کە کەمینە نەتەوەییەکان کۆمەڵگەیلێ دیرۆکی، زمانی و کولتوورین کە وەکوو نەتەوەی زۆرینە خاوەن ناسنامەی نەتەوەیین یان لانیکەم خاوەنی هەموو بنەماکانی بەنەتەوەبوونن، سەرەتایەکە بۆ دیموکراتیزەکردنی دیموکراسییەکی فرەنەتەوە. بە زمانی سیاسی، ئەم جۆرە لە دیموکراتیزەکردنە بە لانیکەمی سەروەریی نێوخۆیی (فیدراڵیزمی فرەنەتەوە) دەست پێ دەکات، بە سەروەریی نێوخۆیی بە ڕەزامەندی و پاراستنی مافی جیابوونەوە (کۆنفیدراڵیزمی فرەنەتەوە) گەشە دەکات و بە سەروەریی نەتەوەیی (دامەزراندنی دەوڵەت)، واتە جیابوونە و گەیشتن بە سەربەخۆیی، دەگاتە بەرزترین ئاستی بەفەرمیناسین و دیموکراتیزەکردن.

---

[31] Social Contract

بۆ ئەم مەبەستەش، پرسی نەتەوە بێدەوڵەتەکان وەک پرسێکی فیکری و سیاسی، ناکرێت تەنیا لە گۆشەنیگای سیستەمی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان، ناسیۆنالیزمی نەتەوە باڵادەستەکان و هزری مرۆڤە دەوڵەتدارەکانەوە سەیری بکردرێت و دەشێت لە دێموکراسییەکی ڕاستەقینەدا چاوەڕوانیمان لە هزرڤانانی سیاسی لە ئاستی تیۆردا، و سیاسەتکارانی باڵادەست لە ئاستی کردەوەدا ئەمە بێت کە بەستێن بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان خۆش بکەن و یارمەتییان بدەن بۆ ئەوەی کە بگەنە ئاستێکی سەرتر لە خۆناسین. لە بەکردەییکردنی بەفەرمیناسینیشدا وێدەچێت سەرەتا پێویستیمان بە تێکۆشانی فیکری و کردەیی بیرمەندان، سیاسەتکاران، سیاسەتزانان و چالاکانی سیاسیی خوودی نەتەوە بێدەوڵەتەکان هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستیمان بە هەڤپەیڤین و بەرهەڤدانی فیکری نێوان ڕۆشنبیرانی سەر بە ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەی کەمینە لەتەک ناسیۆنالیزمی کۆمەڵگەی زۆرینە و بەرخۆدانی نەتەوەی بندەست لە ڕێگەی بزاڤی سیاسی-کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

## پەراوێزەکان

[١] لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە کەسانێک باسیان لە نەتەوەی بێدەوڵەت کردووە، بۆ نموونە ئانتۆنی گیدێنز (1982) و ئێمانۆئێل کاستێلز (1996). ئەو زانا و فەیلەسووفە سیاسییانەش کە ئەو کۆمەڵانە وەک نەتەوە پێناسە دەکەن، لە دەستەوشەی «کەمینە نەتەوەییەکان» کەڵک وەردەگرن، بۆ نموونە، ویل کیملیکا (1995)، دەیڤید میلەر (1995) و بوکانان (2007). لەم وتارەدا من لە هەردووکی نەتەوە بێدەوڵەتەکان و کەمینە نەتەوەییەکان بە یەک واتا کەڵک وەردەگرم. لە ڕوانگەی ئەو بیرمەندانەوە کوردەکان، کێبێکەکان، سکۆتڵەندییەکان، کاتالانەکان، فلێمیشەکان، تامیلەکان، تەبەتیەکان، فەلەستینییەکان و هتد نموونەگەلێ لەو کەمینانە دێنە ئەژمار.

[٢] ناسیۆنالیزمی ئێرانی بۆ ئەم مەبەستە لە تێرمی «خرده فرهنگ» بە واتای هوردە کولتوور کەڵک وەردەگرێت، بۆ ئەوەی نکۆڵی لە هەبوونی کولتوورێکی جیاواز بکات.

[٣] سودانی باشوور ئەوکات دەوڵەت نەبوو. لە ڕیفراندۆمێکدا و بە پشتگیری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سودانی باشوور بوو بە دەوڵەت. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/South_Sudanese_independence_referendum,_2011

[٤] ئەو ناوە بە هەڵە و بە مەبەستەوە دانراوە. ئەگەر سیستەمی نێونەتەوەیی هەڵگری هەموو نەتەوەکان بێت ئەوە دەبێت نەتەوە بێدەوڵەتەکانیش بە دەوڵەتی خۆیانەوە بەشێک بن لە پێکهاتەی ئەو سیستەمە. بۆیە ناوی گونجاوتر هەمان «سیستەمی نێودەوڵەتی»یە.

[٥] لە کێبێک جیاوازی دەنگەکان زۆر کەم بوو. بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Quebec_referendum,_1980

بۆ ڕیفراندۆمەکەی سکۆتڵەند بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Scottish_independence_referendum,_2014

بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Iraqi_Kurdistan_independence_referendum,2017

بۆ ڕیفراندۆمی کاتالۆنیا بڕوانە: https://en.wikipedia.org/wiki/Catalan_independence_referendum,_2017

[٦] پێویستە بزانین کە ئەم جۆرە پێناسەیە بۆ دێموکراسی لیبراڵە کە پێناسەیەکی سەرەکییە بۆ دێموکراسی لە جیهاندا، ئەگەرچی لە لایەن زۆر ئایدیۆلۆژیی بەرامبەرەوە بەرپەرچی دراوەتەوە، بەڵام ئەم وتارە بە هۆی سەرکەوتوونەبوون و لاوەکیبوونی پێناسەکانی تری دێموکراسی ناچێتە ناو ئەم باسەوە.

[٧] لەم وتارەدا تەنیا باس لە مافە گرووپییەکانی کەمینە نەتەوەییەکان کراوە، ئەگینا جۆری تریش لە مافە گرووپییەکان لە لایەن هەندێک کەسەوە تیشکی خراوەتە سەر. بۆ نموونە، یۆنگ بە ڕەخنەگرتن لە هاووڵاتیبوونی لیبەراڵی، پێی وایە کە هەر گرووپێک کە ئەزموونی یەک یان چەند دانە لە چەوسانەوە، پەراوێزخستن، بێهێزی، ئیمپریالیزمی کولتووری و توندوتیژی هەبێ، ئەوە دەتوانێ داوای مافی گرووپی بکات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ (Young, 1990: 39-65)

Young, I (1990) Justice and the Politics of Difference. Princeton, JM: Princeton University Press.

[٨] لە ئاستی تیۆردا، ناسراوترین تیۆر لەنێو لیبراڵەکاندا تیۆری قەرەبووکردنەوەیە (Remedial Theory)، کە دەڵێت کاتێک مافی جیابوونەوە هەیە کە بە شێوەیەکی جیددی و سیستەماتیک مافەکانی مرۆڤ پێشێل کرابێت و ڕێگاچارەسەرێک جگە لە جیابوونەوە نەمابێت. بڕوانە:

Birch, A. H. 1984: Another Liberal Theory of Secession, Political Studies, 32(4), 596-602

لە بەرامبەردا بڕوانە ئەم دوو تیۆرە کە بەبێ مەرج داکۆکی لە مافی جیابوونەوەی سیاسی دەکەن:

Beran, Harry (1984). "A Liberal Theory of Secession." Political Studies 32: 21–31

Welllman Christopher (2005). "A Theory of Secession: The Case for Political Self-Determination". Cambridge University Press, 2005.

[٩] بەشی زۆری جوگرافیای دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانەوە کێشراون. نموونەیەکی هەرە زەق کوردەکانن کە لەنێوان چەند دەوڵەتدا دابەش کراون. کوردەکان وەنەبێ لەڕووی جەماوەرەوە کەمینە بن، لێ بەو جۆرەی کە کۆلۆنیالیستەکان سنووریان کێشاونەوە لە هەموو دەوڵەتەکاندا، لەسەر نیشتمانی خۆیان، بوونەتە کەمینە.

[١٠] باسگەلێ تر سەبارەت بە دادپەروەریی دابەشکردنی جیهانی (Global Distributive Justice) هەیە. لێرەدا باسەکە تەنیا سەبارەت بە دادپەروەریی نێوان نەتەوەکانی ناو دەوڵەتێکە، نەک نەتەوە-دەوڵەتە جیاوازەکان.

[١١] لە نموونەی دەوڵەتێکی وەک ترکیادا، تەنانەت ناوی دەوڵەتەکەش هەڵگری ناوی ڕەگەز و ئەتنیسیتەیەکی دیاریکراوە.

[١٢] ڕوانگەیەکی جیاوازی تر بۆ داکۆکیکردن لە فرەچەشنیی کولتووری، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە لە دەرەوەی بازنەی لیبراڵ و کۆمەڵباوەڕەکان، دیدێکی لیبەرتاریانییە کە کوکاتاس (2003) لە کتێبی « The Liberal Archipelago: A Theory of Diversity and Freedom»دا پەرەی پێدەدا. کوکاتاس لەژێر کاریگەریی «ڕۆبێرت نوزیک»دا پەرە بەم دیدە فرەچەشنییە دەدات. ئەم بۆچوونە بە جۆرێک دەکەوێتە ناو بازنەی ئانارکیزمی ڕاستەوە. تێگەیشتن لەم ڕوانگەیە لەوانەیە یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتنمان لە ڕوانینی ئانارکیزمی چەپ، بۆ نموونە، ڕوانگەی بوکچین و ئۆجالان لەمەڕ فرەچەشنیی کولتووریدا.

[١٣] میناک، ناسیۆنالیزمی ئێرانی نەتەوە نافارسەکان بە «قەوم» ناو دەبات. «قەوم» لە گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا واتایەکی ئاڵۆز و ناڕوون و بچووککراوی هەیە، لە خێڵێکەوە تا چەمکی ئەتنیک لەخۆ دەگرێت، لێ وێناچێت ناسیۆنالیزمی ئێرانی «قوم» بە هاوتای ئەتنیکیش دابنێت. کوردەکان ئەم ناوە بە بێڕێزی بە خۆیان دەزانن و خۆیان بە نەتەوە و کۆمەڵگەیەکی مێژوویی دەزانن. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕیشەی ئەم وشەیە و هۆکارە سیاسییەکانی بەکارهێنانی، بڕوانە ئەم کتێبە کە لە فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر فارسی: برتون رولان (١٣٨٧)، "قوم‌شناسی سیاسی"، فکوهی ناصر، نشر نی. چاپ سوم.

[١٤] کێبێکەکان و سوورپێستە خۆجێییەکانی کانادا خۆیان وەکوو نەتەوە دەناسێنن، بەڵام کۆمەڵگەی ئینگلیزی زمانی کانادا هەوڵ دەدات ئەوان وەک نەتەوە ناس نەکات. بڕوانە؛

"Finding our way: rethinking ethno cultural relations in Canada," Will Kymlicka, Don Mills, Ont: Oxford University Press, 1998. ISBN:

[١٥] هەوڵی پاراستن یان گۆڕینی ناو و پێداگریکردن لە ناوێکی خوازراو بۆ گرووپێک، تەنانەت لەنێو ڕەشپێستەکان، ژنان و کەمئەندامان و هتددا بەدی دەکرێت و بەشێکە لە ڕەوتی سیاسەتی ناسنامە و ناسنامەخوازیی هاوچەرخ.

[١٦] سەبارەت بە بنەما سەرەکییەکانی فیدراڵیزمی فرەنەتەوە بڕوانە؛

Kymlicka, Will (2001b), Minority Nationalism and Multination Federalism. In W. Kymlicka, Politics in the Vernacular: nationalism, multiculturalism and citizenship. Oxford: Oxford University Press. 91-120

[١٧] بڕوانە؛

Kymlicka, Will (1998) Is Federalism a viable alternative for secession. In Theories of Secession, edited by Percy B. Lehning. Routledge.

[١٨] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دێموکراسی ئەنجومەنی و تەوافوقی بڕوانە ئەم دوو وتارە بە زمانی فارسی؛

مفاخری رامین (١٣٩٢)، "دموکراسی غیر اکثریتی: مقدمە ای بر دموکراسی انجمنی" وەرزنامەی ژیوار، خولی نوێ، ژمارەی ١٦-١٧.

مفاخری رامین (١٣٩٦)، "دموکراسی های اکثریتی و غیر اکثریتی مبتنی بر نظریە تسهیم قدرت". فصلنامە تخصصی علوم سیاسی، سال سیزدهم، شمارە ٣٨، بهار ١٣٩٦. صص١-٢١.

[١٩] بۆ ڕەخنەیەک لەهەمبەر تیۆری سیاسی لەم ڕوانگەوە بڕوانە:

Alan Patten and Will Kymlicka (2003), 'Introduction: Language Rights and Political Theory: Context, Issues, and Approaches', pp. 1-51

[٢٠] بۆ وەرگێڕدراوی فارسیی ئەم وتارە بڕوانە: پاتن آلن (١٣٩٢)، حاجی زادە، جلال. "نظریە سیاسی و سیاست زبان اندیشی". وەرزنامەی ژیوار، سالی ٦م، خولی نوێ-پاییزی ١٣٩٢-ژمارەی ١٥ و ١٦)

[٢١] بڕوانە؛

Hechter Michael (1975), Internal Colonislism. U.S.A: University of California Press.

[٢٢] لە ڕوانگەی ئیسماعیل بێشکچییەوە کوردستان نەتەنێ کۆلۆنییەکی نێوخۆییەوە بەڵکوو کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتیشە. بڕوانە؛

بێشکچی، ئیسماعیل (٢٠٠٢)، کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی. حەمە ڕەشید. سلێمانی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

[٢٣] لەسەر یاسا مشتومڕ زۆرە. ڕوانگەی لیبراڵەکان بەگشتی ئەمەیە کە یاسای ئەو هەرێمانە نابێ مافە لیبراڵییەکانی تاکەکان پێشێل بکات. کۆمەڵباوەڕەکان لەهەمبەر جیاوازی لە یاساکاندا بەپێی بەستێنی کولتووری کراوەترن. بەگشتی جۆری سیستەمی دەوڵەتەکە و هەرێمە نەتەوەییەکە گرنگە. بە بۆچوونی من لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە نەتەوەکان هەڵگری کولتورێکی لیبراڵ نین باشتر وایە کە هەرێمەکان لەمبارەوە سەربەخۆ بن.

## ژێدەرەکان


Arblaster, A. (2002). Democracy. Buckingham: Open University Press. Third Edition.

Buchanan, A. (1991). Secession: The Morality of Political Divorce from Fort Sumter to Lithuania and Quebec. Boulder, CO: Westview Press; (2004). Justice, Legitimacy, and Self-Determination: Moral Foundations for International Law. Oxford. Oxford University Press.

Buchanan A. (2007), A companion to contemporary political philosophy, second edit,

Calhoun, Craig and Eliassi, Barzoo (2014), "*Nationalism, Cosmopolitanism And Statelessness: An Interview With Craig Calhoun*, Kurdish Studies, Volume: 2, No: 1, pp. 61-74, May 2014.

Crick, Bernard (2002), Democracy: A Very Short Introduction. Oxford University Press. 1st Edition.

Fabre, Cecile (2007), Justice in a Changing World. London: Polity. 1st Edition.

Fanon, F (2004) [1961]. *The Wretched of the Earth*. Translated by Philcox, Richard. New York: Grove Press

Gellner, Ernest (1983). Nations and Nationalism. Ithaca NY: Cornell University Press.

Horowitz Donald (1998) "Self-Determination: Politics, Philosophy" in Moore Margaret, National Self-Determination and Secession, Margaret Moore (Ed.) - Oxford University Press. pp. 181-215

Jewkes, Michael and Grégoire, Jean-François (2016), Models of Citizenship, Inclusion and Empowerment: National Minorities, Immigrants and Animals? An Interview with Will Kymlicka. Political Theory, Vol. 44(3) 394– 409

Kymlicka, W. (1988). '*Liberalism and Communitarianism'*. Canadian Journal of Philosophy, Vol. 18, No. 2 (Jun., 1988), pp. 181-203.

Kymlicka, W. (1989), Liberalism, Community and Culture (Oxford: Clarendon Press, 1989);

Kymlicka, W. (1995). Multicultural citizenship: a liberal theory of minority right, New York, Oxford University Press.

Kymlicka, W. (2001a). Human rights and ethnocultural jutice. In W. Kymlicka, politics in the vernacular: nationalism, multiculturalism and citizenship. Oxford: Oxford Universuty Press. 69-90

Kymlicka, W. (2001b), Minority Nationalism and Multination Federalism. In W. Kymlicka, Politics in the Vernacular: nationalism, multiculturalism and citizenship. Oxford: Oxford University Press. 91-120

Kymlicka, W. (2011), "*Multicultural citizenship within multinational states*", Ethnicities Vol.11.3, PP.281-302.

Lijphart, A. (1977). Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration. New Haven. Yale University Press.

Lijphart, A. (2008). Thinking about Democracy: Power sharing and Majority Rule in Theory and Practice (First ed.). London and New York: Taylor & Francis Groups.

Lijphart, A. (2012). Patterns of Democracy: Government Forms and Performance in Thirty-Six Countires (Secons ed.). New Haven and London: Yale University Press.

Lipset, S. M. (1995). *The encyclopedia of democracy*. Washington, D.C: Congressional Quarterly.

Margalit, Avishai, and Raz, Joseph (1990), 'National Self-Determination', *Journal of Philosophy*, 87/9: 439-61.

McGaryy, John (1998), "Orphans of Secession: National Pluralism in Secessionist Regions and Post-Secession States" in Moore Margaret, National Self-Determination and Secession, Margaret Moore (Ed.) - Oxford University Press. pp. 215-233

Mill, J. S. (1982), *On Liberty,* ed. G. Himmelfarb (Penguin, Harmondsworth).

Miller, David (1989), *Market, State and Community: The Foundations of Market Socialism* (Oxford University Press, Oxford).

Miller, David (1995). On Nationality. Oxford: Oxford University Press.

Moore, M. (1998). Introduction: The Self-Determination Principle and the Ethics of Secession *in National Self-Determination and Secession*, Margaret Moore (Ed.) - Oxford University Press.

Moore, M (2001). The Ethics of Nationalism. Oxford: Oxford University Press.

Moore, M. (2014). Which people and what land? Territorial right-holders and attachment to territory. International Theory, 6, pp 121-140

Offe C (2001) *Political liberalism, group rights and the politics of fear and trust*. Studies in East European Thought 53: 167–182.

Patten, Alan (2001), Political Theory and Language Policy. Volume: 29 issue: 5, page(s): 691-715.

Patten, Alan and Kymlicka, Will (2003), '*Introduction: Language Rights and Political Theory: Context, Issues, and Approaches'*, pp. 1-51.

Rawls, John (1971), *A Theory of Justice* (Oxford University Press, London).

Rawls, John (1980), 'Kantian Constructivism in Moral Theory', *Journal of Philosophy*, 77/9: 515-72.

Tamir, Yael (1993), *Liberal nationalism*, Marshall Cohen, New Jersey, Princeton University Press.

Taylor Charles, 1992, "The Politics of Recognition," in *Multiculturalism: Examining the Politics of Recognition*, A. Gutmann (ed.), Princeton: Princeton University Press, pp. 25–73.

Walzer, M. (1983a), *Spheres of Justice: A Defence of Pluralism and Equality* (Blackwell, Oxford).

Walzer, M. (1994). Thick and Thin: Moral Argument at Home and Abroad. Notre Dame, IN: University of Notre Dame Press.